www.kurdistannet.org
4-10-2006 19:16بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## من نەم گوت بەدیع عارف گۆتی... رزگار کۆچەر

Rzgar_kochar@hotmail. com

لەشەوی 9/30 مانگی ئەیلول لە بەرنامەی (زیارە خاێە) ی کەنالی الجزیرە کە تایبەت بوو بە قسە کردن لەسەر سەرانی رژێم لە بەندیخانەوە جۆنیەتی بەرێوەبردنی کاروبارەکانی دەدگا بەرنامەی ناوبراو دیداری لەگەل پارێزەری تارق عەزیز و دارودەستەی سەدامی دیکتاتۆر کرد..... ئەوەی زۆر سەرنجی راکێشام لەم بەرنامەییە پارێزەری بەرگەز تورکمان بەدیع عارف زۆر داکۆکی لەسەرانی بەعس وئەنفال دەکرد و دەی ویست بلێت لە ئایندە ئەمەریکا سەدام دارو دەستەکەی دەهێنێتەوە سەر دەسەلات و ئینجا ئەوکاتە ئێمەش سەرانی ئێستا حکومەتی عێراقی دادگای دەکەین... دیارە ئەوەی بەدیع عارف زۆر لەم بەرنامەیە تەئکیدی لەسەر دەکرد و ریکلامی بۆدەکرد خۆی لە جوان کردنی وێنەی جەلادەکانی دوێنی و بەندیکانیئیمرۆدەدۆزیەوە.... لەلایەکی تر پارێزەرە تورکمانەکە باسی لە خالێك کرد کە زۆر ئازاری دام ئەویش مەسەلەی دیاری و هەدایا و پرسینی هەوڵ و هەندی شتی لەم بابەتانە

خۆی دەبینیەوە، دیارە جاران کەمرۆڤێکی کورد زیندانی دەکرا ئەوان قەسدم جەلادەکانی بەعسە لە سانا ترین مافی زیندانیش بی بەشیان دەکرد کەجی ئێستا وەك دەبیستین سەرۆك کۆمار دیاری بۆ جەلادەکان دەنێری، لە وانەیە بلێن تارق عەزیز کابرایەکی دیبلۆماسی بووە نە جەلاد بووە!!!!

ئاخر نازانم لە بیرمان چۆتەوە کە دیاری ئەوان ئەوانەی ئیمرۆ لەگەل تارق عەزیز زیندانین بۆ ئێمەی کورد لە ناپالم و گازی غەردەل وکیمیایی و هەموو جەکە کۆکوژەکان زیاتر نەبوو...

ئەوان دوێنی مەلایان مین رێژ دەکرد و دەیان ویست سەرکردەکانی کورد لە ناو ببەن خواردەنەکانیان ژهر رێژ دەکرد و پێشمەرگەیان ژەهر خوارد دەکرد.. ئەوان لە بیابانەکان ئاویان لەبەردەم بەندیەکانی ئێمە دەرشت و نەیان دەهێشت بەندیەکانمان قومێك ئاو بە دەمیان بکەوێت ئاخر تاریق عەزیزیش ئەوکات نوێنەرایەتی ئەو دەسەلاتەی دەکرد..

جا تارق عەزیز کەی شایەنی ئەوەیە بەرێز مام جەلال جگەرەی کۆبی بۆ رەوانەی بەندیخانە بکات، وەك پارێزەر بەدیع عارف گوتی کەجار جار سەرۆك کۆمار دیاری بۆ تارق عەزیز رەوانە دەکات، جا نازانم ئەو هاورێیاتیەی مامە و تارق عەزیز بۆ ج زەمانێك وکات وساتێك دەگەرێتەوە؟؟